# مەنفاو نالی "گەڕیدەیەکی نیگەران"



**هیوا عەلی**

ئەزموونی مەنفای "نالی" ئەزموونی پیاوێکی نیگەران‌و قەلەقە، "نالی" پیاوێکە تا سەرئێسقان نیگەرانەو تا سەرئێسقان چاوەڕوان، "نالی" بە خێراییەکی ترسناکەوە بە سوواری بالۆنی "با"وە دەیەوێت بە خێرای بگەڕێتەوە بۆ وڵاتو بە خێرای تاسەی غوربەتی بشکێنێ‌و بە خێرای بە نیشتمان شادبێتەوە، "نالی" وەکو گەڕیدەیەکی خێراو گۆشەگیر دەیەوێت هەرچی زووە لە غوربەتو کەشی پڕ لە نیگەرانی‌و دوورەپەرێزی، ئەوێ بەجێ بهێڵێتو چووار دیواری تاراوگە لە زیهنی خۆیدا هەڵبکەنێتو بە پەلە بگەڕێتەوە بۆ ئەو دنیا جوان‌و ڕەنگینەی کە بەجێی هێشتووەو یادگاریەکانی تێدا بەسەر بردووە، بۆیە قەلەقی‌و نیگەرانی نالی بۆ پنتێکی دیاریکراو، شوێنێکی بچووك، کە لە سنووری "زادگا" تێناپەڕێتو هەرگیز ناپەڕێتەوە بۆ جوگرافیای نیشتمان.

هەر کەسێك قەسیدەی "قوربانی تۆزی ڕێگەتم"، بە وردی بخوێنێتەوە ئەو ڕاستییە سادەیەی بۆ ئاشکرا دەبێت کە "نالی" بۆ ناوچەی سلێمانی دەگەڕێتەوە، لە ناوچەی سلێمانیشدا "نالی" بۆ ئەو شوێنانەی لە نزیکەوە ناسیوونی‌و بە شێوەیەك لە شێوەکان مەنزڵگاو زادگاو ماڵی ئەو بوون."[1]، بەو مانایەی گەڕانەوەی نالی لە چووارچێوەی "زادگا"دایەو باڵی نیشتمان لەم چووارچێوەدا قرتێنراوە، واتە گەڕانەوەی "نالی" بە دیاریکراوی گەڕانەوەیەکە بۆ "زادگا"و دڵبەندی بچووکی نیشتمانی ئەو، نەك بۆ نیشتمان بە جوگرافیای تەواوی "بەدیدە ناسیونالیستەکەی"، کە ئەمەش ڕەهەندی ناسیونالیستی لە "نالی" دەسێنێتەوەو ئەو دیدە ناسیونالیستیە کە باسیان دەکرد لە سادەترین ئارگومێنتدا دەدۆڕێن.

به دیوێکی تریدا "نالی" لەم قەسیدەیەدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنە بچووکو ئەو شوێنانەی کە زادگەی بوونو تەمەنی گەنجی خۆی تێدا ڕابوواردووە وەکو "سەرچنار، شیوەسوور، بەکرەجۆ، کانی با، پردی سەرشەقامو مەڵکەندی. ..تاد " کە هەموو ئەمانە نەخشەی نیشتمانی بچووکی زیهنی نالی دەگەیەنێتو لە پیاوێکی ناسیونالیستی دەیکەنە دەرەوە. هەموو ئەو شوێنانەی کە پەیوەندیی بە زادگاوە هەیەو باسی کردووە هەمووی ڕەهەندێکی دینی پێ بەخشیوەو بە نەقسێکی ئاینیو دینیانە لێی ڕوانیوە.

بە واتایەکی تر، گەرای ڕۆحیەتی دینیو نەزمی دینی لەناو ئەو شوێنانەدا شەپۆلان دەداتو بە تۆخیو بە وردیو ڕوونی دەبینرێت، کە ئەمەش بەڵگەی بوونی پیاوێك دەگەیەنێت کە بە خەیاڵدانی دینیانە بیر دەکاتەوەو نیشتمانیانە دەنووسێو نیگەرانە لە کۆکردنەوەی ئەم دووانە لەناو یەك بۆتەدا. ((چەمکی زادگا تەعبیر لەو سەرزەمینە دیاریکراوە دەکات کە شوێنی لەدایکبوونو گەورەبوونو مردنی کەسێکە ))[2]، ((بەلاَم نیشتمان شوێنێکی فراوانترو گەورەترو بلاَوترەو ڕەهەندی بە دەوڵەتبوونی لەناو هەناوی خۆیدا هەڵگرتووەو سەدەها ئەفسانەو چەمکی خەیاڵیو خەرافیات لە ناویدا شەپۆلان دەدات))[3] هەروەها "ئەرنست ڕێنانیش چەمکی ناسیونالیستو نیشتمانپەروەری دەگەڕێنێتەوە بۆ فاکتەرو هۆکارێکی بەهێز بۆ دروستکردنی نەتەوەو دەوڵەتو بەدەوڵەتکردنی نەتەوە نەك بە پێچەوانەوە."[4]..

بە دیوێکی تریدا نەتەوەپەروەری لە هزری هەرکەسێکدا هەبێت پێویستە کۆمەڵێك کەرەستەو چەمكو مەدلول لە هزری ئەو کەسەدا هەبێت ئەویش ئیشکردنە لەسەر ئەفسانەو زیندووکردنەوەی قارەمانیەکانی نەتەوەو فووکردنە گیانی ئازایەتیو جوامێریو غروریو ئیگۆی نەتەوەو کشاندنی جوگرافیاییو زیندووکردنەوەی مێژوو و بە ڕابردووکردنی ئێستا (نەك بەدیدە دینیەکەی وەك لای نالی دیارە). چەمکی ناسیونالیزم بەبێ ئەم واتاو مەدلولانە بوونی نییەو لە سنووری خەیاڵدانی ناسیونالیستو سەیرگەی ئەودا دەچێتەدەرێ. هەر بۆیە "نالی" کە باسی نیشتمان دەکات باسی شوێنەکانی ئەوێ دەکات پڕپڕی دەکات لە ڕەهەندو ئیلیمێنتی دینیو نەفەسێکی پیرۆزگەرای پێ دەبەخشێتو وەکو ڕەهەندێکی ئاینی تەماشای دەکاتو هەرگیز جیای ناکاتەوە لە ڕیتواڵە دینیەکان ((کە ناسیونالیزم لە سادەترین پێناسەیدا لێکردنەوەی هەموو ئەو ڕۆحە ناوچەگەریو دینیانەیە کە تا سەر ئێسقان جوگرافیای نەتەوەیی دەکوژێتو لەناو جەنگی قەبیلەگەراییو ناوچەخوازیو نەفەسی کۆنی دینیداو لەناو بیرکردنەوەیەکی کۆنسەرڤاتیڤانەدا نووقمی دەکەن، کە ئەمە بە پلەی یەکەم پەرشکردنەوەی ناسیونالیستی دەگەیەنێتو هەموو هەوڵدانێکی بۆ دروستکردنی دەوڵەت پوچەڵ دەکاتەوە (وەکو لای کورد دەبینرێت)))[5].

هەر بۆیە ئەوەی لای "نالی" دەبینرێت هەستو سۆزی کەسێکی دینیو خوداناسە نەك کەسێکی ناسیونالیستو نەتەوە پەرست. ((نالی– دوورە ولاَتان، نالی ئەوداڵی سەردەمی پیرۆز لە تاو زێدو نیشتمان هەراسان بوو، نالی موسووڵمانو بڕوادار، بە ئاشکرا ژیانو سەردەمی دووری لە زادگایەوە ڕەت دەکاتەوە، ڕۆحی غەریبی نالی لە پەرێزی ولاَتی غوربەتدا ئارام ناگرێت.))[6]. هەر بۆیە "نالی" لەناو ڕەهەندی دینیەوە خاك دەبینێتو هەموو ڕاکردنێکی لە مەنفاو هەموو بێدەنگبوونو شاردنەوەی دیمەنەکانی ئەوێو هەڵهاتنو بێزاربوون لێیو ئەم بەپەلە هاتنەوەو بە "با" ڕاسپاردنە ئەنجامی گەورەی ئەوە دەردەخات کە "نالی" چەند عەوداڵی ئەو شوێنە پیرۆزانەیەو چەندێ "نالی" دەیەوێت بگاتەوە ئەو نیشتمانەی کە پڕپڕە لە نەفەسیو خەیاڵی دینیو چەند لە ناویدا موقەدەس دێتو دەچێتو ئەو ئەزموونە دینیو ئاینییە کە شوێنی لا دەکاتە شوێنێکی پیرۆزو موقەدەس وەك لە لای مێرسیا ئەلیاد دا دیارە.

بە پیرۆزکردنو بە موقەدەسکردنی سروشت هیچ نیە جگە لە سێکچێکی هزری کەسی دینی جگە لە میکیاژکردنێکی ئاینیانە، ئەمەش بۆ ئەوەی نیشتمان وەك ڕیتواڵێکی دینی ببینێتو وەکو سروشتێکی ئاینی سەیری بکاتو تێی ڕابمێنێت.

وەك ئاهەكەم ڕەوان بە هەتا خاكی كۆیی یار
وەك ئەشكەكەم ڕەوان بە هەتا ئاوی شیوەسوور
بەو ئاوە خۆت بشۆ لە كو دووراتی سەرزەمین
شاد بن بە وەسڵی یەكدی كە تۆی تاهیر ئەو تەهوور [7]

**ترس لە مەنفا "ڕاكردن بەسەر شوشەدا":**

قەسیدەی "قوربانی تۆزی ڕێگەتم" لەپاش هەموو پرسیارەكانیەوە "نۆستالۆژیا"و گەڕانەیەكی قوڵ بۆ نیشتمان، بە تۆخی بوونی هەیەو لەپشت هەموو گومانی پرسیارەكانیەوە یەقینێكی ترسناك هەیە بۆ گەڕانەوەو هەڵهاتن لە مەنفا، ئەم قەسیدەیە سەرتاپای جەستەی هەڵمی نامۆییو نیگەرانیو ئازاری قوڵی غەریبی تەنگی پێ هەڵچنیوەو گرەوی یادەوەریی ترساندووەو دەنگی "نۆستالۆژیا"و "هەر دەگەڕێمەوە" لە ژێی ڕۆحیەوە دێتە دەرێو گوێچكەی هەر هەموومان پڕ دەكات لە تراژیدیاو لە خەمو ئازارو ناجێگیریو بێ ئۆقرەیی. "نۆستالۆژیا" ئەو قەدەرەیە كە لە پشت دالەكانی ئەم قەسیدەیەوە دانیشتووەو مەدلولەكانمان پڕدەكات لە گریان، ئەم قەسیدەیە هەوڵی داوە بە خەستیو قوڵی هەستی تراژیدیای غوربەتمان بۆ بگێڕێتەوە، ئەو سامو ترسناكییەی كە مەنفا بە سەریدا هێناوە بگوشێتە ناو پەرداخی دێڕەكانیەوەو شەربەتی پڕ لە فرمێسكی پەشیمانیمان پێ نۆش بكات. ((مۆدیلی نالی بۆ غەریبان، مۆدیلێكی پاسیڤو عاتیفیە)) [8]. بەو مانایەی كە نایەوێت ئۆبژێكتی مەنفا ببینێتو هەموو دەلالە قوڵەكانی ئەوێ بكاتە كەرەستەیەكی شیعریو لە ناو منداڵدانیدا كۆرپەی داهێنان بدۆزێتەوە، بەڵكو هەمیشە ئاڕاستەو بینینو سەیرگە ڕووی نیشتمان دەگرێتەوە.

لەم شەرحی دەردی غوربەتە لەم سۆزی هیجرەتە
دڵ رەنگە بێ بە ئاوو بە چاوا بكا عبوور [9]

"نۆستالۆژیا"ی گەڕانەوە بۆ وڵات وا بكا دڵ بتوێتەوەو هەڵی بڕێژێتە ناو پەرداخی چاوەوەو بە دڵی ئازارو میحنەت دەبێ لە زەینی شاعیردا چەند پرسیاری هەڵكۆڵەرو ئیزعاجكەر لە دەرونیدا بێتو بچێتو ئارامیان لێ هەڵبگرێت، ئەم قەسیدەیە لەناو نۆستالۆژیایەكی قوڵدا نغرۆیەو هەموو ڕاكردنەكانی بۆ گەڕانەوەیە بۆ وڵات، وەك ڕاكردن وایە بەسەر شوشەداو هەموو هەڵهاتنێكی لە مەنفا هەڵهاتنێكی كۆچەریو گەڕیدانەیە، نەخۆشی نۆستالۆژیاو یادی ڕابردوو سەردەمی فەقێیەتیو ژیان لەناو حوجرە تاریكو نووتەكەكەیداو بینینی تەنافی جاڵجاڵۆكەو یاریەكانی "كەوشەكو سێ بازوو. ...تاد" كە لە حەوشە پڕ چیمەنەكیدا دەكران، هەموو ئەمانە داخێكی قورسی لە زیهنی شاعیردا بەجێ هێشتووەو مومكین نییە هەرگیز لە بیری بكاو لە خەیاڵی خۆی بیكاتە دەرێو لەناو بێدەنگیدا تیرۆری بكا.

مەرگەساتی "نالی" لە مەنفا لە قەسیدەكەیدا زۆر بە ڕوونیو ئاشكرای دەبینرێتو ئەو هەستەمان لا دروست دەكات كە ئومێدی شكاندنی شاعیر لە مەنفا ئێجگار نزیكەو ئێمە دەنگی هاڕەكردنو شكاندنی گەر بە سووكیش بێت لە قەسیدەكەیدا هەرهەستی پێ دەكەین. (("شەرحو دەردی غوربەت" دەلالەتێكی دیكەی ئەشك ڕشتنو موبتەلابوونن بە بیماری ئەو مەرگەی كە غوربەتی شاعیرو دووریی لە سەرچاوە بێگەردەكەیەوە بە هۆی لایەنی مەرگخوازیی ئاوەوە هێناویەتیەدی. )) [10]، "مەرگخوازی"ی ئاویش بریتیە لە توانەوەو یەكگرتن لەناو خودا، كە لە ناو هزری كەسی دینیدا

هەمیشە ئەو خەیاڵی پاکبوونەوەو سڕینەوەی تۆزو خوباری پیسییە هەمیشە دێتو دەچێت. ترسێکی تریش "نالی" کە لە پشت دێڕەکانی ئەم قەسیدەوە دێتو دەچێتو بە نادیاری لە زەینماندا خۆی مەڵاس دەدات، ئەویش ترسێکی تری "نالی"یە لە بیرچوونەوەو سڕینەوە، "نالی" لە پشت هەموو پرسیارە زۆرەکانیەوە دەیەوێت بە نهێنیو بە بێدەنگی ئەوەمان پێ بڵێت کە {ئایا دووای ڕۆشتنی منو دووای جێهێشتنی نیشتمان ئێستا لەناو ئێوەدا ختورەم هەیەو باسم دەکرێتو ڕۆژگاری بێ وەفایی لە بیری نەبردوومەتەوە}.

مەنفا هەر تەنها گۆڕینی شوێنو گوێزانەوەی جوگرافیاو بە ناشوێنکردنی ئێستاو ونکردنی زمانو ناڕەسەنبوونی "بوون" نییە، بەڵکو لە بنەوە کاڵکردنەوەو لە قوڵایشدا بیرچوونەوەیە، مەنفا لە کوشندەترین حاڵەتیدا لێسەندنەوەی ڕابردووە لە تۆو شاردنەوەیەتی لە پشت تێپەڕینی زەمانو دووریتیو نادیاربوونتدا، هەر بۆیە "نالی" لە پشت پرسیارەکانەوە ئەم پرسیارە شەرمنانەو غەمگینانە لە نەستماندا بەجێ دێڵێو دەیەوێت پێمان بڵێت {ئایا ناوی من کوێربۆتەوە وەکو مەڵبەندە پیرۆزەکانو بێوەفایی سڕیومیەتەوە تا ئەبەد! یاخود ئێستایش بەسەر زمانو دڵتاندا دێمو دەچم}.

"ئیدووارد سەعید " دەڵێت ((بیرکردنەوە لە تاراوگە ڕۆز سەرنج ڕاکێشە، بەڵام ئەزموونکردنی ترسناکە، تاراوگە برینێکی ساڕێژ نەبووە لە نێوان مرۆڤ و شوێنی لەدایکبوونیو لە نێوان منو ماڵی ڕاستەقینەی خۆیدا))[11].

زارم وەکو هیلالو نەحیفم وەکو خەیاڵ
ئایا دەکەومە زارو بە دڵدا دەکەم ختور.[12]

لە پشت دێڕەکانی ئەم قەسیدەیەوە ئیگۆتیزمی "نالی" بە ئاشکرا دەردەکەوێت، بەو مانایەی بەبێ بوونی خۆی لە نیشتمان گومان لە مانەوەی بە سەلامەتی ژیان دەکاتو بەبێ بوونی خۆی، ژین وەك دۆزەخ دەبینێت، کە ئەم نەرگسیەتە قوڵەی لە فیلاوتیای "ئەریك فرۆم" جیا دەبێتەوە.

**بە فەلسەفەکردنی شیعر "لە بوونەوە بۆ موقەدەس" :**

قەسیدەی "قوربانی تۆزی ڕێگەتم" بە دەوری کۆمەڵێ باسی ستراتیژیدا دەخولێتەوەو دەیەوێت لەپشت هەموو وشەکانیەوە دەروازەیەکی تر لە نیگەرانبوونی ماناکان بەرەو ڕوومان بکاتەوەو لە چەند خاڵێکی تردا بە دووای سەرە داوەکاندا بچێت. قەسیدەکە هەموو سەنتەریزمی خۆی بە دەوری خاڵێکی جەوهەریدا دەسووڕێتەوە، کە ئەویش نیشتمان (بوون)ە. دەیەوێت لە ڕێگایەوە بونیادی نەستی خۆیو لایەنی ئۆنتۆلۆژی خۆی پێك بێنێتەوە کە غوربەت لێی دابڕیوەو لە بوونی کامڵ چڕیویەتی، بۆیە هەموو گەڕانەوەو باڵەفڕێی تێکستەکە بۆ نیشتمان چوونەوەیە بۆ ناو قۆزاخەی "بوون". هەموو ئالودەبوونو حەسرەتو مەینەتیی شاعیر بۆ وڵات بۆ دەرهێنانی "بوون"ی لەناو کۆتە لەبیر چووەکانی مەنفاو بیرچوونەوەی زمانو هەڵکەندنی شوێندا.

غەمباری شاعیرو زوو بینینەوەی سەرشەقامو حوجرەکەیو پیرمەسوورو کانی باو پردی سەرشەقامو سەرچنارو... تاد، هەمووی گەڕانەوەیە بۆ مەڵبەندی "بوون" کە لە حوجرەکەیدا دەگاتە ئەوپەڕی پلەی کامڵبوون، واتە سەنتەریزمی "بوون" لە "حوجرەکەیدا" کە شوێنێکی موقەدەسە دەگاتە ئەوپەڕی پلەی باڵاو تراسندیتالیو لەوێدا "بوون" دەگاتە چڵەپۆپەی پلەی "بوونی ڕەسەن" کە لای "هایدگەر" بەدی دەکرێت.

واصیل بکە بە پیری سەلامم بە حوجرەکەم

چی ماوە، چی نەماوە، لە هەیوانو تاقو ژوور.[13]

لێرەدا "نالی" هەموو پرسیارو نیگەرانییەکانی خۆی بە "با"دا ڕەوانەی وڵات دەکاتەوەو هەمو هەستو سۆزی خۆی بە "با"دا بەڵگەیەکی ڕوونی ئەوەیە کە "نالی" تا چەند دڕدۆنگو تا چەند نیگەرانەو تا چەند قەلەقەو تا چەند ڕاڕایە، ئەم قەلەقیو نیگەرانییەی شاعیر لەناو بەیتەکەیدایە کە ئەویش بە "با"دا دەینێرێت، بەڵگەیەکی ڕوونو ئاشکرای ئەوەیە کە قەلەقیی "نالی" لە پلەی "با"دا دەگاتە ئەوپەڕیو بێزاریی خۆی لە ناو جەوهەری "با"دا قوڵپ دەدات. ناردنەوەی ئەم چامەیە بە بادا بەڵگەی نا ئارامیو شپرزەیی "نالی" دەگەیەنێت بۆ ئەوەی بە زووترین کات بگەڕێتەوە بۆ سەنتریزم بوونی "بوون" کە "حوجرەکەیە"تیو کە لەناو ڕەهەندی موقەدەسدا خۆی مەڵاس داوەو هەمو ئەو شوێنانەیشی کە بە دەوری "حوجرەکەیەوەن" پیرۆزنو نزیکایەتی گەورەیان لە "بوونی کاملەوە" هەیەو هەمویان لە "حوجرەکەدا" دەگاتە ئەو پەڕی پلەی "بوونی ڕەسەن".

"حوجرەکە" لێرەدا مەڵبەندێکی دینییەو لە ناو جەوهەری "بوون"دایەو هەمو دوورکەوتنەوەیەك لەوێ دوورکەتنەوەیە لە "بوون"و لە "بەهەشت"و ڕەمزە دینییەکانو تایپە ئیلاهییەکان. {شارێك، حوجرەکەی "نالی" تێدایەو ئەو حوجرەیەش چەقی گەردوونە، دەبێتە دەروازەی پاکبوونەوەی ڕۆحو هەڵقوڵێنی نوورو پەرشبوونەوەی خەیری خودایی}[14]. "با" لێرەدا تایپی مرۆڤی قەلەقو نیگەرانو مرۆڤی دڕدۆنگو ڕاڕایە، باسکردنی "نالی" بۆ چەقەکانی "تاهیرو تەهورو حوریو غیلمانو دەفعی چاوەزارو حوجرەو نجومو . .. تاد" هەموی ڕەهەندی دینیو ئاینیی ئەم پیاوە دەردەخاتو گەڕانەوەی ئەم بەم خێراییە بۆ وڵات گەڕانەوەیە بۆ "بوون"و شتە ڕەسەنە پیرۆزەکان کە لەناو دیندا خۆیان پیشان دەدەن.

یەعنی ڕیاحی ڕەوزەیە کە تێیدایە چەن دەمێ

موشکین دەبێ بە کاکوڵی غیلمانو زوڵفی حوور.[15]

{با میتافۆریی سەرەکیو گرینگی قەسیدەکەی نالییە، ئەوەی لە "با"دا گرینگە توانای دەستنیشان نەکردنی شوناسیەتی}[16]، بۆیە "نالی"یش بە "با"دا پەیامو شیعرەکەی خۆی دەنێرێت، ترسی گەورەی "نالی" لە درەنگ گەشتنەوەی پەیامیەتی بۆ وڵات، بۆیە ئەو بە دووای کەرەسەو هۆکارێکدا دەگەڕێت کە بە زووترین کات بینێرێتەوەو لەملاولا لانەداتو بە هەمو ئاڕاستەکاندا بڕواتو سنوور تەی بکاتو ماتڵ نەبێت، دڕدۆنگیو نیگەرانی "نالی" بۆ ئەوەی نامەکەی بە زووترین کات بگاتەوە بۆ وڵات، بۆیە نامەکەی بە "با"دا دەنێرێت، تایپی "با" لە زۆربەی ڕۆمانە جیهانیو شیعرە بیانییەکاندا تایپێکی سەرەکییە بۆ سەرهەڵدانی کێشەو ئاژاوەیەکی گەورەو دەستپێکردنی تەقسو شومو مەینەتی کە لە ڕۆمانی "پایزی پاتریاك"ی "مارکیز"دا بە ئاشکرا خۆی نمایش دەکات.

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی <u>بادی</u> خۆش مروور

وەی پەیکی شارەزا بە هەمو شاری شارەزوور.[17]

یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ئەم قەسیدەیە "با"یە (واتە هەوا)، کە نالی سەیرگەی خۆی خستۆتەسەرو وەکو یەکێك لەو ڕەگەزە فەلسەفیانەی کە ژیانی لێ پێکهاتووەو چەند دێڕێکی "نالی" دەربارەی "هەوا"و "با"یە، کە بە لای زۆرێك لە فەیلەسووفو بیرمەندانەوە ڕەگەزی سەرەکیو جەوهەری دروستبوونی ژیانو کەونە، {"ئەناکسمێنس" کە لە نزیکەی ساڵی 570 – 526ی پێش زاین ژیاوە، بە ڕای ئەو مادەی بنەڕەتی هەمو شتێك دەشێت "هەوا" یان

"تەم" بێت}[18]، بۆیە "هەوا –با" ڕەگەزی سەرەکیو جەوهەریی قەسیدەکەی "نالی"ی داگیر کردووەو کردوویّتی بە یەکێك لەو ڕەگەزە سەرەکیانەی کە ژیانی لەسەر بنیادنراوەو دروستکراوە، کە ئەویش بوونیادێکی تری فەلسەفیو هزریی قەسیدەکەی نالی پێك دێنێت.

ڕەگەزێکی تری فەلسەفی کە لەناو قەسیدەکەدا زۆر بە ئاشکرا تیشکی خراوەتە سەر چەند دێڕێکی لیّ پێکهاتوە "ئاوە"ە، کە یەکێکە لە ئیلیمێنتە سەرەکیو جەوهەریەکانی دروستبوونی کەونو "بوون"، نالی–یش ئەم ڕەگەزەی لە قەسیدەکەیدا هێناوەو ئەشگونجیّ وەکو زەینی کەسێکی دینیو ئاینی بەکاری هێنابێت، لای گەلێك لە فەیلەسووفەکانیش "ئاو" جەوهەری سەرەکیی دروستبوونی "بوون"ە. {تالیس لەو بڕوایەدا بوو کە ئاو سەرچاوەی هەمو شتێك بێت}[19]، بەلاّم دەگونجێت "نالی" لە ڕەهەندە دینیو ئاینیەکەیەوە تێی ڕوانیبێت کە لە "قورئاندا" هاتووە "ئاو" بنەڕەتیو سەرچاوەی ئەم گەردوونەیەو هەمو ژیان لەوەوە کەوتۆتەوە. ((وجعلنا من ماء **كل** شئ حي))، ئەم هێڵە دینیەی کە "ئاو" گەردوونی پێکهێناوەو هەمو ژیان لەوەوە کەوتۆتەوە، لە ناو نەستی شاعیردا ئامادەیە بە قوڵیو ڕوونی دەبینرێت، کە ئەم ڕەگەزە فەلسەفییە ڕەگەزێکی گرنگی ناو کارەکتەری کەسی "تالیسە".

وەکو "کارڵ یونگ" دەڵێت : "ئاو نیشانەی گشتیترین ڕازی دەرونی بێئاگاییە". بۆیە لەناو نەستی شاعیردا تارمای دینی گرنگی "ئاو"و دروست بوونی کەون بە ئاشکرا دەبینرێت، بەکارهێنانی ئاو بۆ پاککردنەوەی دڵو دەروونو پاککردنەوەی لە خەوشو غوباری مەنفاو سڕینەوەی هەمو کودووراتێکی گوناهو هەستی دوورییەتی بەڵگەیەکی تری نیشانەی خەیاڵدانی دینیی "نالی"یە دەربارەی دروستبوونی گەردوون.

ئەمجا مەوەستە تا دەگەیتە عەینی "سەرچنار"
ئاوێکە پڕ لە نارو چنار گوڵو چنوور. [20]

ڕەگەزێکی تری فەلسەفی کە لە ناو قەسیدەکەی "نالی"دا دەبینرێت "خاك"ە، کە ئەویش بە ڕەگەزێکی گرنگی دروستبوونی گەردوون دادەنرێتو لە قەسیدەکەی "نالی"یشدا بە ئاشکرا دیارەو ئەو هەمو ناوهێنانی شوێنانەو ئاماژەکردن بۆ "خاك"و بەتایبەتی "سلێمانی" بەڵگەیەکی گرنگی هەستکردنیەتی بە ڕەگەزێکی تری فەلسەفیی دروستبوونی گەردوون کە "خاك"ەو لەگەڵ ئاگردا کە لە هەناسەی دوودی گەرمیدا خۆی نمایش دەکات، کە لای فەیلەسووفی وەکو "ئیمپدۆکلیس" هەر چووار ڕەگەزەکە "ئاو – خاك – ئاگر – با" گەردوون پێکدێنن کە لای "گاستۆن باشلار" مانایان هەیە[21]. کەواتە لە قەسیدەکەیدا "نالی"دا ویستویەتی هەر چووار ڕەگەزە گرنگەکە لە قەسیدەکەیدا کۆ بکاتەوەو ڕەهەندێکی فەلسەفیانەی پیّ ببەخشێتو نیشتمان بکاتە کانگای ئەوەی هەر چووار ڕەگەزە گرینگەکەی دروستبوونی گەردوونی تێدایەو لە ناویشیدا ژیان لێی هەڵدەقوڵێت.

"مەنفا" لەم قەسیدەیەدا عەدەم "نەبووە"، بێدەنگبوونی "نالی" لە ئاستی مەنفاو قڕوقەپکردن لە ئاستیدا، بەڵگەی بە گرنگ نەگرتنی ئەویّو ڕاکردنو هەڵهاتنی خێرایە لێیو شاردنەوەیەتی لە ژێر پەردەی بێدەنگیدا، لەم قەسیدەیەدا "نالی" هەوڵێکی زۆری داوە کە "مەنفا" ون بکاتو بیبڕێتەوەو بە عەدەمی بکات کە باسکردن لێی بێمانایيەگی گەورەیە، بێدەنگبوونی "نالی" لە "مەنفا" وا دەکات کە تا قیامەتو "نەفخی سوور" لە چاوەڕوانی هاتنەوەی ولاّتدا بژیت، کە ئەمەش ئەبسۆردگەرێتی بە قوڵی دەگەیەنێت.

ئایا مەجالی ڕوخسەتە لەم بەینە بێمەوە.
یا مەسڵەحەت تەوەقوفە تا یەومی نەفخی سوور. [22]

**حاجیو مەنفا "لە شوێنەوە بۆ کات":**

مەنفای حاجی قادری کۆیی مەنفای جیاوازو جوداترە لە مەنفای پیشووتر، مەنفای پێشووتر کە خۆی لە "مەولاناو نالیدا" دەبینێتەوە مەنفایەکی دینیو ڕەهەندێکی دینی بەسەریدا زاڵ بوو، "مەولاناو نالی" هەردووکیان ئاڵوگۆڕیان لە "شوێن " دەکردوو لە پنتێکەوە دەچوون بۆ پنتێکی ترو لە جوگرافیایەکەوە ڕایان دەکرد بۆ جوگرافیایەکی ترو لە نەخشەیەکەوە خۆیان فرێدەدایە ناو باوەشی نەخشەیەکی ترەوە. هەروەها لای مەولاناو نالی "شوێن " ماناکانی جوگرافیو مێژوو و ناوچەییو سروشتی خۆی وندەکردوو خۆی دەخستە ناو مانای دینی و پیرۆزیو لەناو خاڵی تەقدیسکردندا خۆی دەبینێتەوەو ماناکانی "شوێن" ڕەهەندی ئاینیو جیاوازتری وەردەگرت، بەڵام لای "حاجی" "شوێن" ماناکانی لە جێی خۆیدا جێگیرەو ئەوەی دەگۆڕێت تەنها زەمەنە "کات"، لای حاجی لەدەستدانی "شوێن "گرنگ نیەو هەڵکەندنو لێکترازانی ماناکانی شوێن بێمانایە، بەڵکو ترسی سەرەکیو ماهییەتی ئەوەی کە ڕەنگە لەدەست بدرێت زەمەنەو چوونە ناو چاڵی بیر چوونەوەیە، کە ئەمەش هەنگاوێکی ڕادیکاڵترو نوێترە لە ئەزموونی مەنفای کوردیدا.

((ئەزموونی مەنفای حاجی قادر بە زەمەنەوە پەیوەستە))[23]، لای "حاجی" ترسی سەرەکیو جەوهەری لەدەستدانی "کات"ەو جێهێشتنو ڕۆشتنی "کات"ە بە خێرای، "حاجی" ترسێکی گەورەی هەیە کە "زەمەن" بە خێرایی تێپەڕ بێتو ماناکانی خۆی لەدەست بداتو هەمومان بەجێ بهێڵێت، ئیشکردنی سەرەکیی "حاجی قادر" لەناو وەرزەکانو باسکردنی تەواوی وەرزی بەهارو هەمو جوڵەو ئاڵوگۆڕی دەنگە سروشتییەکانو وێنەگرتنی ڕوونی هەمو دیمەنەکانی سروشت بە وردترین گۆشەیەوە، ئەو بیرۆکەمان تیا دەچێنێ کە "حاجی" چەند ویستویەتی لەناو "زەمەن"دا بژیو چەند ویستویەتی بیرچوونەوە لەخۆی بتەکێنیو خاڵی لە زەمەن، قسە ئەکات.

یەکەم دێڕی قەصیدەکەی بە وشەی "زەمان" دەست پێ دەکات، کە ئەمە بەڵگەی ڕوونی "حاجی"یە کە تا چەند ویستویەتی وا بکات کە مەنفا نەتوانێ زەفەر بە پیرێتی بباتو "زەمەن" گەنجیی نەسرێتەوەو یادەوەرییە جوانەکانی نیشتمان بهێنێتەوە یاد، قوڵبوونەوە لەناو بەهاردا قوڵبوونەوەشە لەناو "زەمەندا".

گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتو بی خودا
لە خەو هەڵسە زەمانێ بچینەوە ئەولا. [24]

لای حاجی قادر، زەمەن "ئێستایە"، چونکە لە دێڕێکیدا بە ئاشکرا ئەوەمان لا دەچێنێ کە ئەو باسی "ئێستا" دەکات نەك "ڕابردوو"و "داهاتوو" کە بە پێچەوانەوە لای "نالی" ئەوەی تیشکی خرابووە سەر "ڕابردوو"بوو.

گوڕەی بەهاریە ئێستێکە شاخو داخی وڵات
پڕ لە لالەو نەسرینو نەرگسی شەهلات. [25]

بەڵام ئەگەر بڵێین "ئێستێکە" بە دوو مانا دێت، یەکەمیان بە مانای "ئێستا"و ئەوی تریان بە مانای "بووەستە-سەیرکە"، بەڵام هەر مانای "ئێستا"مان لەبەردەستدایە، ئەم بایەخدانە سەرەکییە گرنگەی حاجی بە چەمکی "زەمەن"و بە تایبەتیتریش "زەمەنی ئێستا" ئەوەمان لا بەجێدێڵێ، کە حاجی ئەوەی لا گرنکە ئێستا کە مرۆڤ بەسەر زارەوە بێتو یاد بکرێتەوەو بەدوور بێت لە لەبیرچوونەوەو لەبیرکردن، بە دیوێکی تریشدا "حاجی" وەکو کەسێکی پێشکەوتوخوازو مۆدێرن باسی ئێستا دەکات، چونکە لە کاراکتەری هەمو مرۆڤێکی "کۆنسەرڤاتیف"و "دینی"دا

هەمیشە ڕابردوو باس دەکرێتو ڕۆڵی گرنگی هەیەو هەمیشە لە جیاتی ئێستا قسە دەکات، بەڵام حاجی کە ئەم ڕەهەندە دینیە لە قەصیدەکانیا ونەو ئەگەر هەشبێ زۆر کاڵە، بۆیە ئێستا جێگای هەوڵدانە نەك ڕابردوو و شینو گریان بۆ زەمەنێك کە بەجێمان هێشتووە.

ئەفلاتون لە دایالۆگی "تیمائوس" دەربارەی "کات" دەڵێ: "جوڵەی گەردوونو ئەستێرەکانەو خۆر یەکەیەکی پێوانەیی کاتە کە ئافرێنەری گەورە بە مرۆڤی ئاقڵی بەخشیوە تا بە هۆیەوە شەو ڕۆژ لە یەکتری جیا بکاتەوە"[26].

بەڵام لای ئەرستۆ:

کات سەرەتای نییە، کات لە خاڵێکەوە دەست پێ ناکاتو لە خاڵێکدا کۆتای پێ نایەت، بەڵکو ئەزەلیو ئەبەدیە، واتە کات هەرگیز دەستی پێ نەکردووەو هەرگیز کۆتایی پێ نایەت[27]. دەبینین لای ئەفلاتون کات لە ئەنجامی جوڵەی ئەستێرەکانەوە پێکدێتو خۆر بە پێوانەیی کات دادەنرێت، بەڵام لای ئەرستۆ دیاریکردنی سنوورو خاڵو پنتی دەستپێکردنیو کۆتایی پێهێنانی کات هەڵەیەکی گەورەیەو وەهمێکی کوشندەیەو کات هەرگیز سەرەتاو کۆتایی دیاری ناکرێت.

تەماشا دەکەین لای ئەرستۆ، دیاری کردنی کات بۆ ئێستاو ڕابردووو داهاتوو، بوونی نییەو کات لاستیکێکە کە هەرگیز ناتوانین بیکشێنین، بەڵام تەماشا دەکەین لای حاجی کات ئێستایەو ئێستا چەقی گرنگیو ماهیەتی پڕاو پڕی زەمەنەو ڕابردوو و داهاتوو بە تەواوی ونە. ڕۆنبالێ دەڵێت: "زەمەن ئەو چەمە قەتیسکراوەیە کە لە نێوان دوو چەمدا وەستا کە ڕابردووو ئایندەیە"[28].

هەروەها غەزالی-یش دەڵێ: "ئەگەر شوێن پەیوەندیی بە لەشەوە هەبێت ئەوا زەمەن پەیوەندیی بە بیرەوە هەیە"[29]. بۆیە دەبینین لای حاجی قسەکردنو دەلالەت گەیاندن لە شوێن، ونەو ئەو خەمی گەورەی لەبیر چوونەوەیە کە ئەمە پەیوەندیەکی نزیکی بە "بیر" و"زەمەن"ەوە هەیە. وەکو لای غەزالی باس کراوە، لای حاجیش زەمەن بریتیە لە خاڵی ئێستا کە لە نێوان دوو "نەبوو"دایە ئەوانیش "ڕابردوو "ی لەدەست چووەو "داهاتووی" هێشتا نەهاتووە. تەرکیزکردنی سەرەکیی حاجی بۆ ئێستا، نیشانەیەکی گەورەی ڕادیکاڵیبوونی حاجییە لە دینو ڕابردووخوازی.

**سەرچاوەکان:**


1. دیوانی مەحوی . مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم . بەغداد . 1984
2. بەختیار عەلی . ئیمان و جەنگاوەرانی . سلیمانی . 2004
3. بەختیار عەلی . خوێنەری کوشندە . سلێمانی . 2005
4. ڕێبوار سیوەیلی . کتێبی نالی . هەولێر . 2001
5. ڕێبوار سیوەیلی . دنیایی شتە بچوکەکان . سلێمانی . 2005
6. ڕێبوار سیوەیلی . دیاریدە گەرایی تاراوگە . هەولێر . 2002
7. ڕێبوار سیوەیلی . هاوکاتی و هاوشوناسی . دهۆك . 2004
8. دیوانی نالی . مەلا عەبدولکەریمی مودەریس و محەمەدی مەلا کەریم و فاتیح عەبدول کەریم . سنە . 2004
9. دیوانی حاجی قادی کۆیی . کەریم شارەزا و سەردار میران . بەغداد . 1986
10. دەربەندی پەپولە . شێرکۆ بێکەس . سوید . 1990
11. ڕۆحی مەولانا خالید . پیرە مێرد . بەغداد . 1987

12. لە غوربەتا . محەمەد عومەر عوسمان . سلێمانی . 1985
13. ئازاد حەمە . ڕەهەندی جەستەیی تێڕامان و وتاریی ڕۆشنبیری هاوچەرخ . سوید . 1995
14. د. محەمەد کەمال . بوون و داهێنان . سلێمانی . 1985
15. جیهانی سۆفیا . یویستاین کاردەر . م/ بەهۆز حەسەن . سلێمانی 2002
16. مۆدێرنەکان . ڕامین جهانبەگلو . و/ ئازد بەرزنجی . هەولێر .2001
17. ئاسیا لە بەرامبەرخۆرئاوادا . داریوش شایگان . و/ شۆڕشی جوانڕۆیی و مامەند ڕۆژە . سلێمانی . 2002
18. ئاسۆ جەبار . کۆچ و سەفەر .سلێمانی . 2000
19. مەهاباد قەرەداغی . زمان و ڕامان و ناسنامە . سلێمانی . 2003
20. سۆفیگەری . د.ئیبراهیم ئەحمەد شوان . هەولێر . 2001
21. مەحوی . د.ئەحمەدی مەلا . هەولێر . 2002
22. لەبارەی مەحوی لوتکەوە . کۆمەڵێ نووسەر . بەغداد . 1984
23. کێشەی بوون لە مێژوی فەلسەفەدا . د.محەمەد کەمال . سلێمانی . 2003
24. نیهلیزم و ڕەهەندەکانی بیرکردنەوە . د.محەمەد کەمال . سلێمانی . 2005
25. دەنگ و سێبەر . و/ ئازاد سوبحی . هەولێر . 2001
26. گفتوگۆ لە گەڵ ئەدۆنیسدا . و/ نەوزاد محەمەد ئەسوەد . سلێمانی . 2002
27. ڕێبوار سیوەیلی . نووسین و بەرپرسیاری . سلێمانی . 2006
28. ژیان و جیهان بینی . مەسعود محەمەد . سلێمانی 2002